www.kurdistannet.org
19-4-2007 20:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەیسی مامۆستا ئەحمەد میرە گەیەنرایە نەتەوەیەکگرتووەکان ... سامان حەمە کەریم

-سلێمانی
رەحمان غەریبی ئەندامی کۆمیتەی داکۆکی کردن لە مافەکانی رۆژنامەنووسان کەیسی دەستگیرکردنی مامۆستا ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لڤینی گەیاندە نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری هەولێر.

سەبارەت بە کۆبوونەوەی رەحمان غەریب ئەندامی کۆمیتەی داکۆکی کردن لە مافەکانی رۆژنامەنووسان لەگەڵ نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ناوبراو بە تایبەت بە سایتی بەکگرتووی راگەیاند کە ئەو ئەمرۆ بۆ ماوەی 2 کاتژمێر لەگەڵ نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری هەولێر کۆبۆتەوەو تەوەرەی سەرەکی کۆبوونەوەکە گەیاندنی کەیسی مامۆستا ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بووە بە بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان.
وە بەناوی خێزانی ئەحمەد میرەوە داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کردوە کە هەرچی زووترە هەوڵی ئازاد کردنی مامۆستای ناوبراو بدەن. لە هەمانکاتدا رەحمان غەریب رایگەیاند کە ئەو لەگەڵ نووسینگەی سەرۆك کۆمار پەیوەندی کردوە بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانیشەوە هەوڵ بدرێ و لە زووترین کاتدا مامۆستا ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ئازاد بکرێ.
سەرچاوەیەکیش ئێوارەی ئەمرۆ لە گۆڤاری لڤین بە سایتی یەککرتووی راگەیاند کە هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئازاد کردنی ناوبراو بەڵام بەداخەوە هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی تاوەکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە رێگەیان نەداوە کەوا دەستەی نووسەران و دۆستان و هاورێیانی مامۆستا ئەحمەد میرە لە زینداندا ببینن.
هەر سەبارەت بە کاردانەوەکانی دەستگیرکردنی مامۆستا ئەحمەد میرە ئێوارەی ئەمرۆ (فەرید زامدار) سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ سایتی یەکگرتوو دواو رایگەیاند کە ئەوان لە هەوڵدان لە کێشەو گرفتی دەستگیرکردنی مامۆستای ناوبراو بکۆڵنەوەو لەو میانەیەشدا پارێزەر (چینەر جۆلا) ی پارێزەری تایبەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانیان راسپاردوە کە بەدوای کێشەکەدا بچێ و لەگەڵ دادوەری ئاسایشی سلێمانی لێکۆڵینەوە بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.